# جارێکی دی بینینەوەی ژیان

**لە فرەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر**



### ئالان بۆسکێ – Alain Bosquet

ژیان، ئەم گوناهە کۆنە
ژیان، ئەم نافوورەیە
ژیان، ئەم سەگە تووڕەیە
کە هەموو خەڵک بەدوای خۆی ڕایدەکێشێ،
تۆ دەیناسی تۆ،
کێ جورئەت ئەکا پێم بڵێ
کە ژیانت هەندێ جار
جۆرێک نییە لە پێکەنین؟
ئارایشکراو وەک درۆ
زۆر کێشراو وەک وێنەیەک
تۆ دەزانی کە دەمری
لە پەراوێزی لاپەڕەیەک و
لە دەروازەی خۆشەویستیش
کە هێشتا تەواو نەبووە،
تۆ کەلێنەکانی پەیکەرێکی
خەون ئامێزی؟
ئەبێ لەنێوان
بێ ئومێدییەکانمان و
قەسیدە کۆنەکانمان دانیشین،
لە تەنیشت خۆمان
بە پەنجەرەیەک ژیان بلاوێنینەوە
کە ڕقی لێمانە
ژیان یارییەکەی جاران
ژیان، چ بێ عەقڵییەکە.

### میتامۆرفۆز
### ژان تاردیۆ – Jean Tardieu

لە شەوێکی تاریکدا
کە مێژوو بۆی دروست کردووین
بەدەست کوتان ئەڕۆم
هەردەم حەپەساو
هەردەم سەرسام

کڵاوەکەم بەرز ئەکەمەوە
ئەبینم بۆتە گندۆرە

ژنەکەم ماچ ئەکەم
ئەبینم بۆتە سەرین

پشیلەیەک ئەلاوێنمەوە
ئەبینم بۆتە سوراحی

پەنجەرە ئەکەمەوە
بۆ هەلمژینی هەوای پاک
ئەبینم بۆتە کەنتۆرێکی کۆن
بۆنی گەنی لێ دێ
بۆقێک ئەگرم
دەبینم بۆتە مەرەکەبدان
کونی مەزرا
بۆتە سندوقی پۆستە
فیتەی قیتار
بۆتە خوێندنی بلبل
گڕە گڕی ماشێن
بۆ ترپەی دلی خۆم
هاوار بۆتە پێکەنین
شەو بۆتە ڕۆژ
مەرگ بۆتە ژیان
ئەوانی تریش بۆ خۆم.

**پاتری**

**ژان کۆکتۆ – Jaan Coctau**

خۆر، من وەک دڕندەکان ئەتپەرستم
لە لێوار دەریا لەسەر سک ڕاکشاوم.

خۆر، تۆ وێنەکانت بە خراپی ڕەنگ ئەکەی.
سەبەتە میوەکانت، گیانەوەرەکانت

لەشم ئەسمەرکە، خوێواوی کە،
ئازاری گەورەم برەوێنەوە.

قولەڕەش کە ددانەکانی سپی دەچێتەوە،
لە دەرەوە ڕەشە، لەناوەوە سوور.

من لە ناوەوە ڕەشم، سوور
لە دەرەوە، ئەی خۆر بمگۆڕە.

خۆر، بۆنم، ڕەنگم بگۆڕە.
هەروەک چۆن بەردت کردە گوڵ.

وابکە زیگزیگە لە بلندترین چلی سنۆبەر بقیژێنێ،
وام لێ بکە هەست بە گەرمی تەندوری ئەستووک بکەم.

درەختی نیوەڕۆ کە پڕە لە شەو،
ئێوارە بە چوار لای خۆی بلاوی ئەکاتەوە.

خۆر، ئەی ماری ئادەم و حەوا،
وابکە کابووسەکانم بلاو بکەمەوە،

لۆتۆ، بەشەکانت ڕێکخە،
گولدانەکان، گۆیەکان، چەقۆیەکان.

خۆر، تۆ بارە خۆڕاییەکەت بەسەر،
سووربەوەکان، بەسەر خەلکی دوورگەکانی ئەنتی ئەڕژێنی.

ئەوەی پێتە لەلای ئێمە پێشانی بدە،
تا چاومان خراپ نەبێ.

خانووی خراپی گوولو، کورسی
لە قەدیفە، لە ئاوێنە، لە نۆتی موزیک

خۆر، ئازارم دەربێنە، توند ڕاکێشە،
فالچی سەر پەیتونی زێڕین.

چەند گەرمامە! هەلبەت نیوەڕۆیە،
ئیتر بەخۆشم نازانم چی ئەلێم.

چیتر لەهیچ لایەک سێبەری خۆم نابینم،
خۆر، پێشانگای من –ە دڕندەکان.

خۆر، ئێرەگامێش، ڕابەری ئاهەنگە سەیرەکان،
تۆ لە ئەفیون زیاتر سەرخۆشم ئەکەی.

تۆ لێبووکی، زۆرانبازی گای
زنجیری سەعاتی زێڕت لە ملە

تۆ قولەڕەشێکی پێست شینی، بۆکس،
لەهێلی ئیستیوایی ئەدەی.

خۆر، بەرگەی مستەکانی خۆت ئەگری،
بەهێزترین مستت لە ملی من ئەدەی

هێشتا، تۆم پێ باشترە خۆر،
جەهەننەمی بەلەززەت.

**سەرچاوە:**

**- G. BElloc, C.D.Tournadre.**
**Les chemins de la poesie francaise au xxe siecle. L.Delagrave. Paris. 1987.**